کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-8-2007 23:17بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەوەی بۆ تۆی ئینسان دۆست ڕەوایە، با بۆ منیش ڕەوا بێت. وەلامێک بۆ شێرزاد فاتیح ... بەڵێن گەرمیانی

**وولاتی سوید**

من وەکو کەسێکی سەیرکەر دوای ڕوانینم بۆنوسینەکان بەرێز ملاحسن و شێرزاد فاتح بەمافی خۆم زانی ئەم چەند وشەیە بیر کاکە شێرزاد بخەمەوە، وە داواکارم لە کاک شێرزاد ئەو مافە بە منیش بدات کە دژی هەندێك لەبۆچونەکانی بم و لەسەنگەری ویژدانەوە بەرگری لە مەلا حەسەن قادیانی بکەم. سەرەتا کاک شێرزاد ڕەخنە لە دەسەلاتی هەرێم دەگرێت کە بۆ خولی قورئان خوێندن بۆ منداڵان دەکاتەوە، بۆ فێری چیو چییان ناکات، بەڕاستی سەیرە بۆ بەناو مرۆڤ دۆستێکی وەك کاك شێرزاد لەڕێگەی نوسینێکەوە کە بۆ دەسەلاتی هەرێمی ڕەوانە دەکات، ڕیگە لەمافی ڕەوای ئەو خەڵکە مۆسڵمانە دەگرێت و خۆشی بە ماف دۆستی ئینسانەکان دەزانێت. ! لە بەشێکی تردا باسی کەسێکی ئایینی دەکات لە بەغداد دەستریژی کردۆتە سەر منداڵان، بۆیە دەبێت ڕێگە لەو خولانە بگیردرێت، چونکە ئەوانە دەست درێژی دەکەن و بونەتە مایەی ئاژاوەو دواکەوتویی کۆمەڵگا، کەچی هەر ئەو فێرگانەی قورئان خوێندنە بوو ئەدەبیاتی کوردی بەرەو پێشەوە برد و هەزاران کەڵە پیاوی مرۆڤ دۆست و شاعیرو زاناو ناودارو ڕێبەری کوردایەتی دروست کرد. ئەگەر کاك شێرزاد ئاوا دڵ ڕەشانە خولی قورئان خوێندن هەڵسەنگێنێت، ئەی چی دەڵێت بۆ ئەو خولانەی کە ئەو داوای دەکات بکرێتەوە؟! بۆ نمونە ئەگەر کاك شێرزاد بە سویدی بنوسێت (idrotts v□ldt□kt) هەزاران جار لەڕێگەی خولی وەرزشەوە ڕاهێنەرەکان دەستدێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵان، ئایا دەکرێت مەلا حەسەن بڵێت نابێ خولی وەرزش بکرێتەوە چونکە ڕاهێنەرەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان، لێرەدا کاك شێرزاد کە سویدی دەزانێت ئەتوانێت سەدان ڕوداوی نا مرۆڤ دۆستانە بخوێنێتەوە ئەگەر خۆی گێل نەکات و خۆڵ بەچاوی خەڵکیدا نەکات.

http://www.google.se/search?q=idrotts+v%C3%A5ldt%C3%A4kt&hl=sv&start=20&sa=N

بۆیە ناکرێت وەك کاك شێزاد حەسەن ئەوا بێ ویژدانانە تەڕو وشك پێکەو بسوتێنین و خۆمانیش بە مرۆڤ دۆستی ئینسانەکان بزانین و ڕێگە لە مافە ئاساییەکانی خەڵکی بگرین. لە کۆتایدا بەکاک شێرزاد حەسەن دەڵێم ئەوەی بۆ تۆی ئینسان دۆست ڕەوایە، با بۆ منیش ڕەوا بێت.

بەڵێن گەرمیانی وولاتی سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.